
# فـــرە ژنـــــی، یەکێـــک لـــەو ئامانجـــانەی کە یەکێتــــی پیـــــاوان لـەپێنـــاویـــدا دادەمـــەزرێـــت

کاتێـــك هـــەواڵی دامەزرانـــدنی ڕێکخراوێکــی پیـــاوانم بیســـت، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، چونکە بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە دەبێت ئەم ڕێکخراوە بۆ بەرگریکردنو پشتگیریکردن لەو کەسانە هاتبێتە بوون، کە بەتەواوی خواستی خۆیان هەڵدەستن بەهەندێ حاڵـەت کـە بەسروشـتی کۆمـەڵگای ئێمە نامۆیە، بەمانایەکی تر، لەخۆم پرسـی، دەبێـت هۆمۆسیکسـواڵەکان لەکۆمـەڵگای ئێمـەدا ژمارەیـان زۆر بووبێتو هەروەها ئەوەندەشیان بوێری هەبێتو گەشتبنە ئاستێك کە ئیدی بەڕەسمیو لە شێوەی ڕێکخراوێکدا خۆیـان بناسـێننو داوای پشـتیوانی یاسـایی لەدەسـەڵات بکـەن، ئـەم حاڵەتەیان بۆ ئێمە زۆر ئاساییتر بوو وەکـو لـەو ئامانجـەی کـە یـەکێتی پیـــاوان لەپێناویـــدا دادەمـــەزرێت، بەتایبـەتی ئامـانجی (فـرە ژنـی)، چونکــە ئامانجــەکانی تــری وەك ئــەوەی هــەردوولا واتــە ژنو پیــاو ئــەرکی بــەخێوکردنی ماڵیـــان لەئەسـتۆدا بێـت کـە مـن زیاتـر بەلایەنی ئابوری لێیتێدەگەم، کە ژنو پیــاو هــەردووکیان بــەرپرس بــن لەئاستی ئـەم بـوارەی ژیانـدا، گـەر برادەرانـی خـاوەن بیرۆکـەو پـرۆژە کــەمێك بەئینســاف بــنو لــەم کۆمەڵگایـــەدا گـــوزەران بکـــەن، هەستدەکەن کە ئێستا ئەو حاڵەتە زۆر بەئاشـکرا لەکۆمـەڵگای ئێمـەدا هەستی پێ دەکرێت و ژنان هاوکاری گـــەورەی پیـــاوانن، لەبەرامبـــەر بەرپرســـیاریەتی ئـــابوری ماڵـــدا، چونکـە ئـەمڕۆ ڕێژەیـەکی گـەورەی ژنـــان مووچـــەخۆرن لەکەرتـــە خزمـەتگوزاریو تەنانـەت ئـابوریو سیاسـیەکانی کۆمەڵـدا، دیـارە ئـەم حاڵەتەش چانسی گەورەی داوە هەم بەخێزانـــەکان کـــە ژن بتوانێـــت بەرپرســـیاریەتی ئـــابوری ماڵیـــان لەگەڵـدا هـەڵبگرێتو هـەم ژنیـش بکاتـە خـاوەن ئـابوری خـۆی، کـە خودی ئـابوری سـەربەخۆ بـۆ ژنـان، فاکتەرێکە لەفاکتـەرەکانی هاوکـاری ژنـان بـۆ ڕزگـاربوون لەملکـەچیو کۆیلەیەتی.

بـــــــۆ پشتراســـتکردنەوەی ئــەم قسەیەشــمان دەکرێـــت ئـــەو برادەرانە ڕاپرسیەك لەسەر ئەو حاڵەتە ساز بدەن لەنێو ئەو ژنانەی کە خاوەنی ئابوریەکن، تا بزانن لەئێستاماندا ژنـان لەڕووی ئابورییەوە چەنـد هاوکـاری پیاوانن.

لێرەشدا دەکرێت بڵێیـن ئـەم گروپـە لــــــەپیاوان بــــەویژدانێکی ناتەندروســــتەوە مامەڵـە لەمـەڕ هـەنگاوەکانی ژنانـدا دەکەن، گەر لەزەمەنێکی دیاریکراوی مـێژوودا پیـاوان بەتـەنها خـەمخۆرو بەرپرســی وەزعیــەتی ئــابوری ژنو خـێزان بـوون، ئـەوا ئـەمڕۆ ژنـان توانیویانـە تـا ئاسـتێکی بـاش پـەرە بـــەتواناکانی خۆیـــان بـــدەنو بەشداریەکی بەرچاوی پیاوان بن لەو بـــوارەدا. گـــەرچی لەتافێـــك لەتافـــەکانی مـــێژوودا ژنـــان نـەیانتوانیبێت بـەو کـارە هەسـتن، دیسان گوناهی ژنان نەبووە، بەڵکو گوناهی پیاوانو ئەو سستمە بووە کە پیـاوان خۆیـان دارێژەریبوونو بوونەتـە لەمپـــەری گـــەورە لەبـــەردەم بەشـــدارینەکردنی ژنـــان لەکـــەرتی ئابوریدا. ژنان لەگـەڵ ئـەو هـەموو ئاســــــتەنگە فەرهـــــەنگیو کۆمەڵایەتیانــــــەدا توانیــــــان لـــەچوارچێوەی مـــاڵ بێنـــە دەرەوەو بەشداری ژیانی گشتی بکەن، لەم ڕیانەشدا ژن توانـی خزمـەتی گـەورە بەخۆیو خێزانەکانیشیان بکەن، بـەڵام ئەوە پیاوان بوون نەیانتوانی لەبورجی عاجەکان بێنەخوارەوەو بەشداری کـارە ئیجابیەکانی ژنان بکەن، ئەوە ئەوانـن تا هەنووکەش پێیان عارە کە لەماڵدا هاوکاری ژنەکانیان بکەن. بۆ ئـەوەی داواکاریەکـــەتان کـــەمێك مۆدێـــرنو لۆجیکـی بوایـە، بـا داواکاریەکـەیان ئـەو حاڵەتەشـی لەگەڵـدا بوایـە کـە ئاماژەمـان پێـدا، واتـە لەبەرامبـەردا داوایان لەپیاوان بکردایە کە هاوکاری ژنان بن لەماڵدا.

بەنیســبەت داواکــاری زۆری ژن لەســـەر پیـــاو لـــەکاتی پرۆســـەی زەواجدا، ئێمەش وەکو ژن لەگەڵ ئـەو حاڵەتـەدا نیـنو وابـزانم دیسـان گـەر برادەران ئەرك بکێشنو بچنە دادگای بـــاری کەســـێتی ئـــەوەیان بـــۆ دەردەکـــەوێت کـــە ڕادەی داواکـــاری بنەماڵـــەو ژن تارِادەیـــەکی بـــاش کەمبۆتـــەوە. دیســـان ئـــەو برادەرانـــە نابێت ئەوەیان لەبیربچێت کە بەشێکی زۆری داواکـــاری ژن لەســـەر پیـــاو لـەکاتی پرۆسـەی زەواجدا داواکـاری ژن نیـە، بـەڵکو داواکـاری پیـاوانی بنەماڵەیە، لێرەشدا پیاوان دەیانەوێت لــەنێو بنەماڵـــەی خۆیـــانو ئـــەو بنەماڵەیـەی کـە هاوسـەرگیریەکەیان لەگەڵـدا دەگـرن بڵێـن سێکسـەکەی ئێمـە باشـترین "شـمەکی" بەرهـەم هێنـاوە، بۆیـە دەبێـت باشـترین نـرخ بکات.



وێنەکە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە

تا هەنووکەش مۆدیلی شیربایی لـــەناو پرۆســـەی هاوســـەرگیریدا بەسەرنەچووەو لەزۆر ناوچەدا بوونی هەیـە، کـە پیـاوانی بنەماڵـە داوای دەکـەن نـەك ژنـەکان، کەواتـە باشـتر وایە داواکاریمان ئەوەبێت کە خودی پرۆسەی زەواج لەو حاڵەتانە بهێننە دەرەوە، پایـەکانی لەبنـەمای مادیـەوە بگوازینـەوە سـەر بنـەمای مرۆیـیو ڕۆحیو خۆشەویستی.

مەسـەلەی پاشـەکیش لەبنـەمادا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕوئیـاو دنیـابینی پیـاوانو سسـتمی پیاوســالاری، لــێرەدا نامانەوێــت بکەوینـە هـەڵکۆڵینی ئـەم حاڵەتـەو دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی کە ئەم حاڵەتــەی پــەلکێش کردوەتــە نــاو پرۆســـەی زەواجـــەوە، ژمارەیـــەکی زۆری ژنانی ناو ڕێکخراوەکـان نـەك لەگـەڵ مەسـەلەی پاشـەکیدا نیـن، بـەڵکو بەحاڵـەتێکی ناشرین دەیبینـن بـۆ وەزعیـەتی ژنـانو داوای لابردنـی کـراوە. ئێمـەی ژن داوا دەکـەین کـە مارەیی ژنان سۆشیال بێت.

ژن دوای جیابوونـــــــــەوەو هاتنـەدەرەوەی لەپرۆسـەی زەواجـدا، دەســــەڵات بــــەرپرس بێــــت لەفەراهـــەمکردنو ئیدامـــەدان بەوەزعیەتی ئابوری ژن.

بەنیسبەت ئامـانجی فرەژنییەوە، وا هەسـت دەکـەیت ئـەم ئامانجـە لەکۆمەڵگایەکـدا خراوەتـە ڕوو کـە ژنـەکانی ئـەو کۆمەڵگایـە هـەموویان فـرە مـێردنو ئـەم حاڵەتـەش جـۆرە پەرچـەکردارێکی لـەلای پیـاوان دروسـت کـردووە کـە لەبەرامبـەردا داوای فـــرە ژنـــی بکـــەن. لەکۆمەڵگایەکــدا عــورف، ئــاین، فەرهـەنگ، ئەمانـە هـەموو لەپشـتی پیاوان بـن بـۆ مەسـەلەی فـرە ژنیو تەنانەت یاساش بەئەندازەی پێویست نیە لەبەرامبەر ئەو حاڵەتەدا، ئیدی ئامانج لەدامەزراندنی ڕێکخراوێك بۆ ئـەو جـۆرە داخوازیـە چیـە؟ ئێمـە وا لەحاڵەتەکە دەگەین کە ئامانجەکانی تـر، تـەنها ڕیزکردنـی چەنـد خاڵێـك بێــتو بایــەخو گرنگــی نــەبێت، ئامانجی گەورە لەپشت دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەوە تـەنها مەسـەلەی فـرە ژنیەکەیـە، ئێمـە وا تێدەگـەین کـە کۆمـــەڵێك مرۆڤـــی دۆگـــمو بـــەناو شەرەف پارێز لـەژێر نـاوی ڕێکخراودا هەڵسن بەمەدەنی کردنی ئـەو حاڵەتـە ناشرینەو جارێکی تـرو زیـاترو زیـاتر شـەرعیەت بـەم حاڵەتـە بدەن. کاتێك کـە دزانـن لـێرەو لـەوێ هـەوڵێك هەیـە بـۆ کاڵکردنـەوەی ئـەم مەسـەلەیە چ لـەناو کایـەی کـەلتورمانو چ وەك یاسا، کە ژنان دەیانەوێت پشتیوانی یاسایی بەرامبەر بەم حاڵەتە لەسەر ئاستێکی بەرز بەدەست بهێنن.

یان شەرەف پارێزەکانی کۆمەڵگا لـەژێر نـاوی فرەژنیـدا دەیانەوێـت کۆمـەڵگا لەسـەربەرولێژی ئـەخلاقی بپـارێزن، بـەو پاسـاوەی گوایـە ژمارەیـەکی زۆر لەقـەیرە کچ هەیـە گــەر ســێ ســێو چــوار چــوار لەتەنیشت پیاوێکەوە ڕیزیـان نەکـەن، بەدرەوشــتیو ســێکســی حــەرام پەرەدەستێنێت، بەڵام ئێمە دەپرسین جیاوازی چیە لەوەی کە کۆمەڵێك ژن لەیەك کاتدا لەگەڵ پیاو سێکس دەکــەن لەگــەڵ ئــەوەی کچێــك لــەدەرەوەی سســتمی ڕێگــە پێـدراو ســێکس دەکــات، دیــارە گــەر لەڕوویــەکی مرۆییــەوە لەحاڵەتەکــە بــڕوانین ناشــرینیو ئیباحیــەت لەیەکەمدایە، بەڵام هێندە هەیە ئەم حاڵەتـە شـەرعێنراوەو کۆمـەڵگا بـە کۆدەنگی لەسەری ڕێکەوتوە.

دەنــا گــەر لــەڕووە مرۆیــیو ڕۆحیەکــەوە بڕوانینــە مەســەلەی زەواجو گەر مەبەستمان تـەنهاو تـەنها تێدا سێکس نەبێت ئەوا مەحاڵە ڕۆح دابەش بکرێت.

لـەناو پرۆسـەی زەواجـدا گـەر بنەماکـەی ڕۆحو خۆشەویسـت بێـت، ئـەو دوو مرۆڤـە دەبنـە یـەك ڕۆح، بـەڵام کاتێـك کە پیاو لەیـەك کاتـدا دوو ژن یان زیاتری هەیە، لەم کاتەدا ڕۆح دابـەش دەبێـت، مـرۆڤیش بەنیـو ڕۆحەوە یان کەمتر لەنیو ڕۆح ناژی، ڕۆح وەکو جەستە نیـە کـە ئەندامێك لەئەندامەکانی نەبوو مـرۆڤ توانـای ژیان لەدەست نادات، بەڵام لەحاڵەتی دابەشبوونی ڕۆحدا، مـرۆڤ نـاژی، دیــارە لــێرەدا مەبەســتم حاڵــەتی فیزیکــی مــرۆڤ نیــە، بەڵکــو مەبەســتم حاڵەتــە مانەوییەکیــە، لەحاڵـەتی مردنـی ڕۆحـدا، مـرۆڤ زۆر بــاش غــەریزەکانی کاردەکــەنو زۆریش بەلایەوە ئاساییە لەیەك کاتـدا خـەریکی چەنـد ژنێـك بێـتو نـاوی بنێـت فــرە ژنــیو بیشــەرعێنێتو ڕێکخراویشی بۆ دابمەزرێنێت.

**کۆچـــەر**

---

# نامەیەکی کـراوە بـۆ/ سـەرجەم ئارایشتگاکــــان ـــــ سەندیکــــایــی ئــارایشتگــــاکـــــان - بەرنــــامـــەی ئاریشـــەی کۆمـــەڵـی ئیســـلامی

بەڕێزان، لـە بەرنامـەی ئاریشـەی کۆمـــەڵی ئیســـلامیدا، ئێـــوارەی یەکشەمە گوێبیستی چوار چیرۆك بـوین، لەسـەر ئارایشـتگاکان کـە بەباشـــی دەزانـــم لەڕێگـــەی ئـــەم نامەیەوە هێمایەك بۆ ئـەو چیرۆکانـە بکەم.

١- ئارایشـــتگایەك بـــەنهێنی کـامێرایی ڤیـدیۆیی دانـاوەو وێنـەی ئەو ژنانـەی گرتـوە کە بۆ بوکێنی دەچـــــن بیانرِازێننـــــەوە، دوای دەفرۆشرێت بە کۆمەڵێك پیاو، یەکێك لـەو پیاوانـە کـە بینـەری ئـەو وێنانـە بـوو، باسـی لـەوە کـردوە کـە هەرگیز ڕێگـە نـادات ژنەکـەی خـۆی بچێتـە ئەو ئارایشتگایە، بـەڵام ڕۆژگـار وا دەکـات کـە یـەکێک لەوێنـەکان ژنەکەی خۆی بێت.

٢-پیاوێك گێڕاویەتیەوە کە ژن و منداڵەکـــەی بـــردوە بـــۆ یەکێـــك لەئارایشـــتگاکان، ژنەکـــەی و منداڵەکـەی زوو دێنـە دەرەوە، بـۆ هاوســـەرەکەی گێڕاوەتـــەوە کـــە شـــەربەتێکیان بـــۆ هێنـــاوە کـــە خواردویەتی هەستی بەگێژی کردوە، بەپەلە خۆییو منداڵەکەی هاتونەتە دەرەوە.

٣-هـــاتوچۆکردنی پیـــاوان بـــۆ ئارایشتگاکان .

٤- خوێندکاران و ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لـەپاڵ خوێندنەکەیانـدا کـــارێکیش بکـــەن کـــە دێنـــە ئارایشـتگاکان دەیـان نێرن بۆ مـاڵان ئــەو ماڵانــەش کــاری بەدرەوشــتی تیادەکرێـت، کـە ئـەم کچانـە خۆیـان نازانن بۆ ئەوەیە، بەڵکو پێیان دەڵێن بڕۆن لەفلان ماڵ ئیش هەیە.

جا بەڕێزان (بەرنامەی ئاریشەی کۆمـــەڵی ئیســـلامیو ســـەندیکایی ئارایشـــتگاکان و ئارایشـــتگاکان) داواتان لێ‌دەکەین دور لەدەمارگیریو بـــەدگومانی بەرامبـــەر یەکـــدی، بمانگەیەننـــە کـــەناری ڕاســـتیەکان، دەبێت ناوی ئـەو ئارایشـتگایانە گـەر بـۆ تـەواوی خـەڵکیش نـەبێت، بـۆ ئاسـایش ئاشـکراکەن، گـەر وابێـت ئەمانـــە بانـــدن و بازرگـــانی بـــەم میللەتــەوە دەکــەن و گرنگیشــە، ئــەم مەســـەلە ترســـناکە بەکارنەبرێـــت بۆمەبەســتی سیاســی، هــەمومان واسـەیری بکـەین کـە مەسـەلەیەکی ترســـناکە ترســـناکی بۆهەموانـــە، بێ‌دەنــگ بــوون لــێ‌ی تاوانــە، لــەم ڕوانەوە:

١- ئەم جۆرە کارانە بازرگانیە و بە ژنانی ئێمەوە دەکرێت.

٢-ژنـــان لەکۆمـــەڵی ئێمـــەدا سنوری ئازادیەکانیان بەرتەسکە، بۆ هــەر کارێــك و هەرچونــە دەرەوەیــەك دەیــان شــوان و ڕەقیــبی ڕاســتەوخۆو ناڕاســتەوخۆیان هەیــە، ئــەم جــۆرە کارانەش ئەوەندەی دی ئازادیەکانیان بەرتەسك دەکات، بەڵگە دەداتە دەست زۆر لەبنەماڵەکان کە ڕێگری چونە دەرەوەی مێوینەکان بن.

٣-ئافرەتێـك یـان ژنێـك کاتێـك دەچێتە ئارایشتگا، گەر ئەمە ڕاست بێت دور لەویستی خـۆی و لەپشت ئەوەوە ئەم کارە ئەنجام بدرێت، جگـە لـــەوەی کـــە گـــەورترین تاوانـــەو دەشـــچێتە ڕیـــزی دەســـتدرێژیەوە، هاوکـات بێئـەوەی دەسـتی خـۆی تیابێـــت کوشـــتنی لەلایـــەن بنەماڵەکەیـەوە مسـۆگەرە، ئیـدی نـەبواری داکۆکـی کـردن لـەخۆیی هەیەو نە دەزگای لێکۆڵینەوە هێند بەهێزە ڕاستیەکان ڕوون کاتەوە.

٤- دەرکـەوتنی وێنـەی کچێـك لەسەرموبایلێك یان سیدیەك بەسە بۆ ئـەوەی نـەك بەتـەنها خـۆی، بەڵکـو بنەماڵەکـەی دەبێت لـەم شارە لوتـی خۆیان ڕەش کەن و بڕۆن .

٥-بـاجی ئـەم جـۆرە کارانـە بەپلـەی یەکـەم ژنـانی خێزانـە عەشایەرەکان وگەرەکە میللیـەکان و ژنانی ماڵەوە دەیدەن .

بۆیە پێویستە وەڵامگۆیی خەڵك بن بەخستنە ڕووی ڕاستیەکان و دڵ ئـارامی دەیـان بـاوکی وەك مـن کـە هەوڵمداوە تـا ئەوپـەڕی توانـا دەست نەخەمە ئەو کارانەی کچەکانم کە مـافی خۆیانـە، بـەڵام دڵنیـا بـن سبەینێ وێنـەی کچێکـم ببینـم لـە سیدیدا گـەر زۆر متمانەشم پـێ‌ی بێت، دەبێت خۆم بکوژم یان ئەو.

بۆیە گرنگە ئارایشتگاکان بێنە دەنــگ، کۆدەنگــی بکــەن لەســەر خســـــتنە ڕووی ڕاســـــتیەکان، تـــاوەکو بـــەهۆی چەنـــد ئارایشـتگایەکەوە ئارایشـتگاکانی تریش ناشرین نەبن.

**باوکێک**